لەسەر قەڵای هەولێر ڤۆرەسمەکی تایبەت بە مانگی تابان سازکرا

شەوی چوارشەممە 2024.9.18، بە ئامادەبوونی ئومێد خەشناو، پارێزگاری هەولێر و یان برەم، کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر و ژمارەیەکی تر لێنوێنەران و نێردەی وڵاتان و ستافی کونسلخانە، ئینستیتوتی فەڕەنسی لە هەولێر، ڤۆرەسمەکی تایبەتی بەسەرکردنی مانگی تابان و چەند چالاکییەکی دیکەی تایبەت بەم بۆنەیەوە ئەنجامدا.

جێگەی باسە، مانگی تابان ئەو کاتەیە کە مانگ لە نزیکترین خاڵ و شوێندایە لەگەڵ هەساری زەوی و لە هەمان کاتیشدا پڕ و بەڕۆژی 30% گەورەتر دەردەکەوێت و پرشنگ و ڕوناکییەکەیشی دوو هێندەی ڕوناکی مانگی چواردەیە و جوانییەکی تایبەت دەبەخشێت، شەوی ڕابردوو لە ئاسمانی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە بەدیار کەوتووە.